# دیاردەیەكی دەگمەن لە زمانی كوردیدا


**سەلام ناوخۆش**

**(زانكۆی سەلاحەددین - كۆلێژی پەروەردەی بنیات)**


**دەروازە**

زمان جیهانێكی پڕ جادووە. هەر زمانە خاوەن ئەدگاری خۆیەتی، ڕێک وەک دیاردەی هاوواتای یەک زمان وایە بە دەگمەن هەندێ وشە دەدۆزییەوە هاوواتای ڕەها بن و لە هەمــوو كـۆنتـێكســتـێكدا لە بریتی یەكـتــر بێن، زمانەكانی یەک خێزانە زمان لە زۆر شتدا بە ڕواڵەت لە یەک دەكەن، بەڵام بۆ ئەوەی لە یەكـتـر جیـا بن و خـاوەن ناسنامـەی خۆیان بن و لە سنووری " دیالێكت - زار "ی یەک زمان دەربچن.

دیاردەی ژمـارە لە هەناوی وشـەدا دیاردەیەكی ناوازە و دانسـقـەی زمـانـی كـوردییـە، ئەم دیاردەیە لەمـڕۆدا زۆر گـرینگە، چونكە سـەردەمی تەكنۆلۆژیای سـەردەمـە، مـرۆڤـەكـان شـەكـەت و مـاندوون دەیانەوێ بە كـەمـترین وەخت زۆرترین شت بڵێن.

ئەم كـورتە نـووسـینە دەیەوێ تەواو گـرینگی دیاردەی ژمارە لە هەناوی وشەدا لەم سەردەمەدا ڕوون بكاتەوە.

**پرسی ژمارە لە زماندا**

ئامـادەیی ژمـارە لە زمـان پرسـێكی كـۆنە، باقـر و هاوەڵەكـانی ١٩٨٠، ل٢٠٠ - ٢١٠ لە كـتێبی (تأریخ العـراق القـدیم) باسی شـتـانێكی سـەیر دەكـەن بەوەی لە زۆر دیاردەی جـەبری و ئەندازەیی و فـەلەكـیـدا ژمـارە جـادوویەكی سـەرسـوڕهێنەری هەیە، وەک بیـرۆكـەی سـێگۆشـەی فـیـسـاگـۆرس و بورجـەكـانی دوازدەیی و بیرۆكەی خودی حەفتە."، هەروەها لە ل٢١٠ دەنووسن: لە تێكـستـی مسـماری و وێنە قـوڕینیـیـەكاندا هاتووە كە خـودی باوەڕی ئەسطرۆلاب لە بنەڕەتدا بۆ فـەلەكـیـیـە بابلییەكان دەگەڕێتەوە."

ڕەنگدانەوەی ژمارە لە زمان هەر تایبەت نییە بە زمانێکی دیارکراو، لە دوای زمانە کۆنەکان، زمانی تر هەن کە هەڵگری ئەو دیاردەیەن. زمانی سریانی توانایییەکی ژمارەیی هەیە، بە واتای پیت لە جیاتی ژمارە بەکاردێت، بۆ نموونە بە گوێرەی ئەلفبێی سریانی/ عەرەبی نۆ پیتی یەکەم أ، ب، ت، ث، ج، ح، خ، د، ذ (١-٩) دەگەیەنێت، بە واتای أ:١، ب:٢، ج:ه...تاد، هەروەها نۆ پیتی دووەم واتا (ر، ز، س، ش، ع، غ، ف، ق، ک) خانەی سەدان دەنوێنن، هەروەها نۆ پیتەکەی کۆتایی (ل...ی) خانەی هەزارانی بۆ دانراوە. (ڕامان ١٨٥، ل١١٩) زمانی عەرەبی ئەو دیاردەی لە زمانی سریانی وەرگرت و لە شیعری عەموودی بەکاری هێنا، شاعیرانی کلاسیکی کوردی، کە زۆربەیان مەلا بوونە، هەر لە ڕێگای زمانی عەرەبییەوە ئاشنا بوونە بەم دیاردەیە. (بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە گۆڤاری ڕامان ژمارە ١٨٥)

لایەنێکی دی ئامادەیی ژمارە لە زمان و خودی بوونەوەردا، دیاردەی حساب-ە. قورئانی پیرۆز هەر ئاماژە بەوە ناکات، بەڵکو ئاماژە بە نهێنی ژمارە دەکات، وەک لە ئایەتی دوازدەی سورەتی ئیسراء هاتووە:

وجعلنا الليل والنهار ايتين فمحونا اية الليل وجعلنا اية النهار مبصرة لتبتغوا فضلا من ربكم ولتعلموا عدد السنين والحساب وكل شيء فصلناه تفصيلا(١٢)

## زمانەوانی ماتماتیکی

دوای شۆڕشە زمانەوانییەکەی چۆمسکی لە ١٩٥٧ پرسی هێما و ژمارە لە زمانەوانی زیندووبووەوە، ئەگەرنا خودی پرسەکە هەر لە سەردەمی هیندییەکان، هەروەها یۆنانییەکان ئامادەیی هەبووە. پانینی چوارسەد ساڵ بەر لە زایین لە کتێبە زمانەوانییەکەی دەربارەی کتێبی ڕێگ ڤیدا، کە بەناوی (Ashtadhyayi) ئەشتادهیایی بوو لە ڕێگای یاسا زمانەوانییەکانی ڕێزمانی زمانی سانسکریتی ئاماژەی بە بەکارهێنانی ژمارە لە زماندا کردووە، بەڵام ئەم هەوڵە نەبووە هۆی لە دایکبوونی زمانەوانی ماتماتیکی.

چۆمسکی لە کتێبی پێکهاتە سینتاکسییەکاندا پرسی ژمارەی لە زمان زیندووکردەوە، ئەویش لە ڕێگای یاساکانەوە.

دەیڤید کریستال ١٩٩٢، ل٢٤٥ ی کتێبی

An Encyclopedic Dictionary of Language and languages

وا پێناسەی زمانەوانی ماتماتیکی دەکات: "لقێکە لە زمانەوانی کە توێژینەوە لە ئەدگاری ماتماتیکی زمان دەکات، ئەمەش ئەدگاری ستاستیکیی/ ئاماریی/ دەق لە خۆدەگرێت..."

وێڕای ئەوەش هەبوونی پیت و ژمارە و هێما بە تەواوی مەسەلەی ئاماری گواستەوە ناو پرۆسەی زمانەوانییەوە، زمان و ماتماتیک زۆر پێویستن بۆ ژیانی ڕۆژانەی مرۆڤ، چونکە بێ ئەو دووە ژیان سەخت و دژوار دەبێ، ئەو دووەش لە بنەڕەتدا بۆ ئاسانکردنی کاری مرۆڤەکان هەن. میتودەک لە زمانەوانی کارەکیدا هەیە بەناوی میتودی چەندێتی کار لە سەر داتا دەکات، ڕێکخستنی داتاکانیش بە پەیڕەوێکی ئاماریی دەکرێت، زۆربەی ماستەرنامەکانی کۆلیژی پەروەردەی بنەڕەتی کار لە سەر ئەو میتودە دەکەن.

بە پێی زانیاری من دوکتۆر وریا عومەر ئەمین هەر لە حەفتاکانەوە لە ماستەرنامەکەیدا ئاماژەی بە ژمارە لە یاسا زمانەوانییەکاندا کردووە، هەر ئەو لە هەشتاکانەوە لە زمانی کوردیدا کاری لە سەر زمانەوانی ماتماتیکی کردووە.

ئەمە تەنیا لایەنێکە لە هەبوون و ئامادەیی جادوویی ژمارە لە زمان و بوونەوەردا، بەشەکانی تر لایەنێکی تری ژمارەیە لە خودی وشەدا.

## ژمارە لە وشەدا

پرسی ژمارە لە وشەدا هەر ئەوەندە پێوەندی بە دیاردەی پیت لە جیاتی ژمارە، یان هێما، یان زمانەوانی ماتماتیکی هەیە کە لەو هاوکێشەیەدا پیت و ژمارە ئامادەییان هەیە، ئەگەرنا پرسی "ژمارە لە وشەدا" پرسێکە دوورە لەو مەسەلەیەوە، ئەو پرسەش زیاتر تەنیا لە زمانی کوردیدا، بەراورد بە زمانەکانی دی دەڤەرەکە هەیە.

دیاردەی ژمارە لە وشەدا دیاردەیەکی دەگمەنی زمانی کوردییە، لە زمانی عەرەبی هەر نییە، لە زمانی ئینگلیزیش زۆر دەگمەنە، تەنیا لە چەند وشەیەکدا هەیە،

له یەک وشەدا، وەک
2day, 2morrow, 7up
له دوو وشەدا
4you, face 2 face
هەروەها لە چەند وشەیەکدا ژمارە هەیە وەک
Once جارەک twice , دوو جار، thrice سێ جار
- gross 10, double2, couple 2, pair 2, dozen 12, half, decade 10, century 100, hundred 100, millennium 1000, million 1000000, billion 1000000000000,
- day 1, weak 7, month 30, season 3, year 12

ئەوەی لە زمانی کوردیدا هەیە، بەراورد ناکرێ بەو چەند وشەیەی زمانی ئینگلیزی. لە کوردیدا ژمارە لە یەک وشەدا هەیە، ئەو ژمارەیەش لەوانەیە لە سەرەتا، ناوەڕاست، یان کۆتایی بێت، نەوەک تەنیا هەر لە سەرەتای وشە بێ وەک ئەوەی ئینگلیزی، یان لە نێوان دوو وشەدا بێت.

بۆ ئەوەی زیاتر بەم پرۆسەیە ئاشنا بین، دەبێ قسە لەسەر شرۆڤەی ئای سی "پشکی بەرایی" بکەین.

## شرۆڤەی ئای سی: شرۆڤەی پشکی بەرایی

Immediate Constituent Analysis

دوو شرۆڤەی پشکی بەرایی وشە، یان ڕستە لە شرۆڤەی پشکی بەراییدا ناسراو بە شرۆڤەی ئای سی هەیە.

شرۆڤەکە قسە لە سەر جۆری مۆرفیمەکان دەکات، ئەو هەموو مۆرفیمە کاردەکەن بۆ ئەوەی تەنیا وشەیەک دروست بکەن، کەواتە خودی شرۆڤەکە لە ڕووی مۆرفۆلۆژییەوە قسەکردنە لە سەر چەند مۆرفیمێ لە وشەکەدا، بۆ نموونە پرۆفیسۆر د.وریا عومەر ئەمین لە ماستەرنامەکەیدا ئاماژە بە وشەیەکی فراوان (ڕەگ و پاشگرەکان) لە ڕەگدا دەکات، بۆ نموونە وشەی " بتانناردبامایە " لەمانە پێکهاتووە:

ب - ڕاناوی بکەر - ڕەگی ڕابوردوو - (بزرۆکە، یان ا) - با - ڕاناوی بەرکار - (ایە) پێکدێ:

بتانناردبامایە
- (ب - تان - نارد - (بزرۆکە) - با - م - ایە)."

. ستاگەبێرگ ١٩٨١، ل١٠٤ دەنووسێت: لە هەبوونی وشەی لە یەک مۆرفیم دروستکراو هیچ ئاریشەیەک نییە، چونکە خودی وشەکە تەنیا یەک پشکی بەرایی هەیە، هەروەها ئەگەر وشەکە لە دوو مۆرفیمیش دروست بکرێت، تەنیا دوو پشک دەبێ، یەک واتادار ئەوی تر پاشگر، پێشگر دەبێت." لە کوردی وشەی (کوڕ) یەک مۆرفیمە، هەروەها وشەی(کوڕەو) لە دوو مۆرفیم پێکهاتووە، کەواتە بڕین لە یەکەم ناکرێت، چونکە دەبێتە هۆی شێواندنی وشەکە، لە دووەمیش تەنیا لە نێوان(کۆ)+ (ڕەو) دەکرێت.

لێرەوە پێناسەی شرۆڤەی ئای سی ئاسانتر دەبێت، شرۆڤەی ئای سی بریتییە لە سیستمێکی ڕێزمانی بۆ دابەشکردنی وشە بۆ پێکهاتەکانی تا لە کۆتاییدا بە یەک پێکهاتە دەگات ئەویش وشەیەکی واتاداری بێ مۆرفیمی ڕێزمانییە، کەواتە گرفتەکە لە دابەشکردنی وشەیەکی سێ مۆرفیمی زیاتر دروست دەبێت، دەبێ یەکەم بڕین لە کوێ دروست ببێ؟ ستاگەبێرگ لە ل١٠٥ سێ ڕاسپاردە دەخاتەڕوو:

١- هەر وشەیەک لە سێ پشک پێکهاتبێ، یەکەم بڕین لە نێوان مۆرفیمی ڕێزمانی و پاشماوەکە دروست دەکرێت:

Mal formatio<u>n s</u>

کوڕ+ەکە +<u>ان</u>

٢- یەکێک لە پشکەکان فۆرمی سەربەخۆ بێ، یانی مانادار بێ، بێ کۆنتێکست و مۆرفیمی تر، وەک

En large <u>ment</u>, <u>in</u> dependent

<u>بە</u>رچاویلکە، دووربینە<u>کە</u>

٣- پشکەکان پاش بڕین پەیوەست بن بە یەک، نەک لە یەک دوور بن لە واتا

<u>Re</u> strain

دووبارە توندکردن، یان گوشین

X rest_ rain

هەردوو وشەی

Rest و rain

لە ئینگلیزی هەن و واتادارن، یەک بە واتای پشوو و یەک بە واتای باران، کەواتە لە ڕووی واتا و فۆرم هیچ پێوەندیان بە پێکهاتەی وشەی داڕێژراوی Restrain

نییە.

بە هەمان شێوە وشەی "زەردەخەنە" لە هەردوو وشەی "زەرد" و "خەنە" پێک نەهاتووە با هەردوو وشەی "زەرد" و "خەنە" لە کوردی هەبن. زەرد و خەنە هیچ پێوەندیان بە گرژین، پێکەنینی ڕوخساریی نییە.

### ئاستی مۆرفۆلۆژی دیاردەی ژمارە لە وشەدا

لە سیستمی پشکی بەراییدا چەند پشکێک لە وشەی سێ مۆرفیمی دروست دەبن، یەکێکیان وشەی سەربەخۆ، یان ڕەگ دەبێ لەگەڵ پێشگر و پاشگری تر کە بە تەنیا هیچ مانایان نییە. (بڕوانە ستاگەبێرگ، ل١٠٤)

لەو سیستمەدا دوو جۆر لێکەوتەی لێ دەکەوێتەوە:

أ- ژمارەکە و وشەیەک

بڕ٩، ٧ ڕوح، ٧ سەر، ٤ پێ، ٨ پێ، ٩ رینگ، ٢ کەڵ، ٢ کەر، ٢ بەر، ٧-١٠٠، ٣٠نەم، ٣٠سەم، ٤چاو، ٢ڕوو، نا٢٠، ١٠٠٠ پێ، ١٠ لینگ، ٣٠لاو، ٣ بەر، ٢ بەر، ٢ قەد، ٣٠ەکان، ٢ قات، ٣ ڕیان، ٤ ڕیان، ٨ پاڵوو، ٣٠ نەما، ١٠٠٠ مێرد، بە ٨** ٤ جار٢٠

وا ١٠، با ١٠، شە ١٠، مژ١٠، ١٠ رێ، قەلەن ١٠ ر، شاربە ١٠ر، شانە١٠ر، بڕیار١٠ر، ١٠رکەوت، ٣جا، ٢جا، ٣٠خوڕ، ١٠رپێ، ٣٠ساوە، ٣تاقان، ٢گرد، ٢گردکان، ٣نارە، ١٤خۆر...تاد

لێرەدا مەرج نییە وشەکان، ئەوانەی لە کوردی واتایان هەیە، واتاکەیان پەیوەست بێ بە واتای وشە ئەسڵییەکە.

ب. ژمارەکە لەگەڵ پیتێک، یان چەند بەشێکی بێ واتا

١٠منامە، ٢٠ن، ٩ ک، ٩کاو، ٣٠نگ، ٣٠پەلاک، ٢انە، ٣ینە، گە١٠، ١٠م-١٠و، ١٠رەوە، ١٠رچە، ١٠گمەن، ١٠وڵەمەند، ١٠بانچە، ١٠بل، ١٠ (ر)زن، مە٣٠نە، ٢لنگ، ٦ەران، ٦ەڵان، ١٠لاقە، ٣٠نی، ١٠سماڵ ٤٠کاو، ٤٠فڕای، یاز١٠، دواز١٠، ٣ز١٠، پاز١٠ (**)

### ئاستی سێنتاکسی ژمارە لە وشەدا

دیاردەی ژمارە لە وشەدا بە پلەیەکی کەمتر لە ئاستی سێنتاکسیش هەیە، بەڵام بۆ زێتر تێگەیشتن لەم بابەتە، واباشە قسە لە سەر دیاردەی (سڕینەوەی ڕاناوی بکەر) بکەین.

سڕینەوەی ڕاناوی بکەر پێوەندی بە خێزانە زمان نییە. پێکهاتەی زمانی کوردی و زمانی عەرەبی زۆر لە یەک دوورن، بەڵام ئەم دیاردەیە لە نێو هەردووکیاندا هەیە، بۆ نموونە لە عەرەبی لە جیاتی بڵێین:

هو کتب الرسالة.

دەتوانین بکەرەکە بسڕینەوە، هەروەها لە جیاتی بەرکارەکە ڕاناو دابنێین و بڵێین:

کتبها

لە کوردیشدا لە جیاتی بڵێین:

ئەو ژنەکەی کوشت.

دەتوانین بڵێین:

کوشتی.

کەچی لە ئینگلیزی و فەڕەنسیدا ناتوانین ڕاناو بسڕینەوە:

He speaks.

Je parle.

وەک گوتمان دیاردەی ژمارە لە وشە لە ئاستی سێنتاکسیشدا هەیە، ستاگەبێرگ، ل ٢٧٦-٢٨٠ بە درێژی قسە لە سەر شرۆڤەی پشکی بەرایی لە ڕستە دەکات، جاران ڕستە پێکهاتبوو لە نیهاد و گوزارە، کەچی لە بنیادگەری چەندان شێوەی هەیە، لەوانە:

- ئەو پیاوەی کە لە قوڕنەی شۆستەکە وەستا بوو، کە لە قوڕنەی شۆستەکە وەستا بوو....مۆدیفایەرەن بۆ وشەی (پیاو)، هەروەها تەنیا لە ڕستەیەکدا چەند " سەرە-هێد " هەن، بۆ نموونە:

- حەشامەتەکە دەیانڕوانییە ئەو پیاوەی لە سەر قوڕنەی شەقامەکە وەستا بوو

پێنج سەرە هەن.

هەمان دیاردە لە ژمارە، لە وشەدا هەیە.

- ٢٠م: بیستم.

- بەرۆکم بەر ١٠: بەرۆکم بەردە.

-کا١٠وسبە هەتا شتەکەم لە ١٠ست ١٠رنەچووە: کا دەوسبە هەتا شتەکەم لە دەست دەرنەچووە.

- ٩ شت کرد: نۆشت کرد؟

ئێوەی پیاو تووڕە بن، قسەکەتان لە ١٠م ١٠ردەچی: ئێوەی پیاو تووڕە بن، قسەکەتان لە دەم دەردەچی.

## دیاردەی ژمارە لە وشە چ پێوەندی بە گۆڕانی زمانە وەیە؟

گۆڕانی زمان دیاردەیەکی حەتمییە لە هەموو زمانێکدا، توێژەران باوەڕیان وایە کە چەندان گۆڕانکاری لە زمان ڕوو دەدەن، بێ گومان ئەو گۆڕانکارییانە ڕێژەیین، وەک یەک نین، بۆ نموونە تراسک ١٩٩٦، ل١٩٩ و ٢٢٣ قسە لە سەر گۆڕانکاری فۆنۆلۆژی و مۆرفۆلۆژی دەکات، هەروەها نیومەیر ئاماژە بە گۆڕانکاری لە سێنتاکسدا دەکات، تەماشای بکە. (Newmeyer 1998, 2002).

وێڕای ئەمانەش گۆڕانکاری لە واتای وشە، جا چ فراوانکردن بێ، یان بەرتەسککردن بێ، بەشێک لە گۆڕانکارییەکان دەبێ..ئەو هەموو گۆڕانکارییە لە فۆڕم و واتای وشەدا دروست دەبن، بەڵام لە سەردەمی ئینتەرنێتدا وشە بە جۆرێکی تر بەکاردێت:

| Abbreviation of expressions or words | Full form or meaning |
|---|---|
| BFF | Best friends forever |
| IMO | In my opinion |
| OIC | Oh, I see |
| PLC | Please call me |
| OMG | Oh. My God |
| 2MORO | Tomorrow |
| 2NITE | Tonight |
| B4 | Before |
| GR8 | Great |
| 2 | To |
| L8R | Later |

ئەمە لە ئینگلیزی بوو، دیاردەی ژمارە لە وشە، لە کوردیدا زۆر لەوەی ئینگلیزی سەردەمی ئینتەرنێت گرینگترە، بۆیە هەر لە ڕێگای ئەو پرۆسەیەوە زمانێکی ئینتەرنێتی کوردی دروست دەکرێ.

### ئەنجام

هەبوونی ژمارە و پیت لە زمان و ئەدەب و گەردوون و عادات مێژوویەکی کۆنی هەیە، بە جۆرێک هەتا لە سەردەمی بابلییەکان و هیندییە کۆنەکان و یۆنانی هەبووە. لەمەدا هەموو زمانەکان بەشدارن، بەڵام دیاردەی ژمارە لە وشەدا لە هەموو زمانێکدا نییە، زمانی کوردی یەکێک لەو زمانانەیە کە لەم بارەیەوە زۆر دەوڵەمەندە، هەبوونی ئەم دیاردەیە لە زمانی کوردیدا شکۆیەکی گەورە بۆ کورد دروست دەکات کە لە ئینتەرنێتدا زمانی تایبەت بە خۆی دەبێت.

### ژێدەر:


(1) Ahmad, Fryad 2018 An report on language and Internet.
(2) Crystal, David 1992 language and languages. Cambridge.
(3) Crystal, David (2001). Language and the Internet. Cambridge: Cambridge university press.
(4) Newmeyer, F.J., 2002. Formal and functional motivation for language change. Motives for language change.
(5) Stageberg, Norman 1981 An Introductory English Grammar, 4th ed. New York.
(6) Trask, 1993 A dictionary of Grammatical Terms. London.
(٧) باقر و ئەوانی تر، تأريخ العراق القديم، بغداد.
(٨) ناوخۆش، سەلام ٢٠١٨ مۆرفۆلۆژی و سێنتاکس و مۆرفۆسێنتاکس. هەولێر: ڕۆژهەڵات.
(٩) گۆڤاری ڕامان ژمارە (١٨٥)، ٥/١٠/٢٠١٢، ل١١٨.
(١٠) سایتی لۆ.


### پەراوێز:

* هەندێک لەم وشانە بە کوردی کراون وەک گرۆس جاران بۆ تەکەی پاکەت، بە واتای ١٠ پاکەت بەکاردەهات، هەروەها وشەی دەرزەن، کە (ر)ی بۆ زیادکراوە، هەروەها دەبڵ و کەپڵ.

** ئەم دیاردەیە جاران پێیان دەگوت حسێبی پیرە ژنان، ڕاستییەکەی ئەمە هیچ پێوەندی بە خوێندەواری و نەخوێندەوارییەوە نییە، بۆ نموونە لە زمانی فەڕەنسیدا ئەم دیاردەیە زۆرە، بۆ نموونە بە ٩٩ دەڵێن چوار بیست و نۆزدە quatre-vingt-dix-neuf

*** ڕاسک (١٩٩٣: ٩٠) دەنووسێ: "مۆرفی بەتاڵ لە مۆرفۆڵۆژی، ئەو مۆرفەیە کە هیچ مۆرفێک نانوێنێت" «بەتاڵ» –ەی نێوان (مۆرف) و (مۆرفیم) لە کاتی ڕۆنانی وشەی داڕێژراو و لێکدراو پەیدا دەبێ، پرسیارێک دروست دەبێ، ئایا مۆرفی بەتاڵ هیچ واتایەک لە خۆ دەگرێ؟

مۆرفی بەتاڵ شێوەی هەیە، بەڵام واتای نییە، وەک.

–نۆ+ دە+ –ز= نۆزدە ز مۆرفی بەتاڵ

–شەش+دە +–از+ شازدە از مۆرفی بەتاڵ